


# نزیکە نەخۆشخانەی ئەنگەرێد - چاوەدێری پسپۆڕی لە باکوری رۆژهەڵات

# Angereds Närsjukhus – Specialistvård i Nordost

VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN
ANGEREDS NÄRSJUKHUS

Kurdiska

## نەخۆشخانەیەکی تازە لە ئەنگەرێد 2014 تەواو دەبێت

خانوی نەخۆشخانە تازەکە، نەخشەڕێژ کراوە لای سەنتەری ئەنگەرێدەوە بێت وە وا خەمڵێندراوە کە 2014 تەواوبێت. لە ماوەی چاوەڕێکردندا بۆ ئەو خانوە تازەیە بەشی پێشوازییە(کلینیک تایەبەتییەکان(پسپۆڕەکان) لە شوێنی کاتیدا وە لە دەوروبەری گۆڕەپانی ئەنگەرێددا دێنەکایەوە. ئەوانە پاش ئەوەی کە نەخۆشخانە تازەکە تەواو بوو بۆ ناو ئەوێ دەگوازنەوە.

ئەمە پزیشکەوانی منداڵ- وە لاوان لە گاملەستاد ناگرێتەوە، ئەوان هەر لەو جێگەیانەی ئێستا لێین دەمێننەوە.

## بۆ لای ئێمە بە حەواڵەنامە دێیت

نزیکە نەخۆشخانەی(نێرشیوکهوس) ئەنگەرێد نەخۆشخانەیەکی پسپۆڕییە. بۆ ئێرە بە حەواڵەنامەیەک لە ناوەندی تەندرووستییەکەتەوە دێیت.

تۆ بۆ خۆشت سەربەخۆ دەتوانیت بۆ لای ئێمە بێیت بەوەی کە پێیدەڵێن خۆحەواڵەکردن. ئەوە فۆرمێکە کە نیشانەکانی نەخۆشییەکانت وە زانیاری کەسی بۆ پەیوەندی پێوەکردنی تێدا دەنووسیت وە بۆ ئێمەی دەنێرێت. پزیشکەکانمان حەواڵەنامەکە هەڵدەسەنگێنن وە پاشان ئێمە پەیوەندیت پێوە دەکەین.

تۆ فۆرمی خۆحەواڵەکردنەکە لە ئەم ماڵپەڕەمان دەبینیتەوە
www.angeredsnarsjukhus.se

یاخود لە نووسینگەکەمان. تۆ دەتوانیت تەلەفۆنیشمان بۆ بکەیت، ئەو کات بۆ ماڵەوە بۆت دەنێرین!

VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN
ANGEREDS NÄRSJUKHUS

**نزیکە نەخۆشخانەی ئەنگەرێد**
تەلەفۆن: 031-332 67 00

زانیاری پتر لێرە هەیە
www.angeredsnarsjukhus.se

### ناوەندی پسپۆڕی بۆ گەورەساڵان

پسپۆڕی دڵ- وە نەخۆشی دەمارەکانی خوێن، نەخۆشییەکانی سی وە شەکرە. هەروەهاش کلینیکی لۆگۆپێدی دەماری بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کە لە ڕوی زمانەوانی- قسەکردن یاخود قوتدانداگرفتیان هەیە.

1 Triörgatan 2, 424 65 Angered :ناو و نیشان
031-332 67 00 :تەلەفۆن
07.30–16.00 :کاتی کردنەوە

### کلینیکی تیشکی ئێکس

هەڵدەستێت بە تێڕوانین بە تیشکی ئێکس بۆ سییەکان وە ئێسکەکان هەروەها تێڕوانین بە سۆنار(تیشکی سەرو دەنگ)

1 Triörgatan 2, 424 65 Angered :ناو و نیشان
031-332 67 63 :تەلەفۆن
08.00–15.00 :سەردانی بێ کاتگرتن (12.00–12.45 نانی نیوەڕۆ)

### ناوەندی ژان

پسپۆڕی لە ژاندا کە چارەسەرکردنی زەحمەت بێت. نموونە بۆ حاڵەتی ژانێک کە چارەبکرێت ، جگە لە ژانی درێژخایەن، هەروەهاش ژانی شێرپەنجە، ژانی دەماری، ناڕەحەتی پەیوەندیدار بە گوشاری دەروونییەوە هەروەهاش کۆسپی دەروونی بەکردار هەڵسان.

1 Triörgatan 2, 424 65 Angered :ناو و نیشان
031-332 67 00 :تەلەفۆن
07.30–16.00 :کاتی کردنەوە

### چارەسەرکردنی کراوە بۆ پزیشکەوانی دەروونی

چارەسەری باروودۆخی دەروونی دەکات بۆ نموونە باری خەمۆکی، جۆرەهای دڵەڕاوکێ وە ترسی بێ هۆکار، کۆمەڵە نیشانەی خوتخوتە(عەمەلی)، تۆقان لە کۆمەڵ، دڵەڕاوکێ وە ترس بە گشتی هەروەها بارووددۆخی جەستەیی دەروونی پەیوەنددار بە گوشاری دەروونییە.

2 Angereds Torg 5, 424 65 Angered :ناو و نیشان
031-65 70 00 :تەلەفۆن




### ناو و نیشان هەڵدان سەنتەری ئەنگەرێد

#### Angered Centrum

به ترام
خەتی 4، 8 یاخود 9 دابەزین لە سەنتەری ئەنگەرێد.
بە ئۆتۆبوس لە بێریشوێن ەوە
ئۆتوبوسی 74 بۆ سەنتەری ئەنگەرێد
بە ئۆتۆمۆبیل لە E6 وە یاخود E45
دوای تابلۆکان بۆ سەنتەری ئەنگەرێد بکەوە وە لە P1 یاخود P2 پارک بکە. 3 کاژێر پارک کردن بەخۆڕاییە.

#### Gamlestaden گاملەستاد

به ترام
خەتی 4، 6، 7، 8، 9 وە 11 وە دابەزین لە گاملەستادس تۆریەت
بە ئۆتۆمۆبیل
ئەگەر ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕیت، لێخوڕە بۆ گاملەستادس ڤێگن لەوێوە بۆ کارگەکانی گاملەستاد. پارک کردن لە 8 تا 10 کرۆن/کاژێر تێدەچێت.

### سەنتەری پزیشکی پسپۆڕی منداڵ- وە لاوان

کلینیکی پزیشکانی پسپۆڕ کە پزیشکەوانی منداڵ وە دەروونناسی منداڵ پێکەوە دەلکێنن، وەک تیمێک لەدەورووبەری نەخۆشەکە کاردەکەن. هەروەهاش منداڵانێ کە گومانی بارووددۆخی دەروونی دەمارییان لێبکرێت، دەگرێتە خۆ.

3 Angereds Torg 14, 424 65 Angered :ناو و نیشان
031-332 67 00 :تەلەفۆن
08.00–16.00 :کاتی کردنەوە

### کلینیکی پزیشکی ژنان

کلینیکی پسپۆڕانە هەیە کە زوربەی زۆری جۆرەکانی ناڕەحەتی پەیوەند بە ژنانەوە دەگرێتە خۆی. هەروەهاش ئامۆژگاری پێدان لەسەر کەرەسەی بەرگریکردن لە سکپڕبوون، تێڕوانین بە سۆنار، هەروەها کۆنترۆڵ/چارەکردن بۆ گۆڕانکاری شانەکان وە داکەوتن پێشکەش دەکەن.

3 Angereds Torg 14, 424 65 Angered :ناو و نیشان
031-332 67 00 :تەلەفۆن
08.00–16.00 :کاتی کردنەوە

### پزیشکەوانی منداڵ- وە لاوان لە گاملەستاد

کلینیکی پسپۆڕانە بۆ منداڵ وە لاوان هەیە. هەروەهاش ئامۆژگاری بە تەلەفۆن لە لایەن پەرستاری منداڵانەوە بۆ باوان پێشکەش دەکات. کلینیکەکە تیمێکیشی هەیە کە بۆ منداڵی پەناخوازی تازەهاتوو دانراوە.

Gamlestadsvägen 2-4, B2, 415 02 Gbg :ناو و نیشان
031-345 08 80 :تەلەفۆن
08.00–16.00 :کاتی کردنەوە